به ناوی خوای گەورە و میهرەبان

**به ناوی گەلەوە**
**ئه نجومه نی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیــــار: ٢٤**
**مێژووی بڕیــــار: ٢٠٠٠/١١/١٢**

(( بــڕیـــــار ))

لەسەر ئەو یاساکارییەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (١٤)ی رۆژی (٢٠٠٠/١١/١٢)یدا بە پێی حوکمی برگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) ئەنجامی داوەو ، بە پێی ئەو دەسەلاٌتەش کە برگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێمانی داوە ، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا :

## یاســای ژمــارە ( ٩ )ی ســاڵی ( ٢٠٠٠ )
## یاســای دابڕکـــردنی بەڕێوەبەرییـــەکانی بەرگــری شــارســتانی لە وەزارەتی ناوخـــۆ

**ماددەی یەکـــەم :**

دابڕینی بەڕێوەبەرییەکانی بەرگریی شارستانیی هەموو پارێزگاکانی هەرێم بە هەموو میلاك و ئۆتۆمبیل و ئالیات و جیهازو موڵك و مەرکەزی ئاگر کوژاندنەوەیانەوە لە وەزارەتی ناوخۆو ، بەستنەوەیان بە وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزارەوە لە رووی لایەنی فرمانی و هونەرییەوە .

**ماددەی دووەم :**

پۆلیس و ئاگرکوژێنەوە هەمان روتبەو پلەی ئێستای فرمانەکەی خۆی دەبێت و یاسای ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٧٨ی خزمەت گوزاری و خانەنشینیی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی بەسەردا دەخرێتە کار .

**ماددەی سێیەم :**

لایەنی دامەزراندن و ترقیە و خانەنشینی و دەست لەکار هەڵگرتنی کەسانی سەر بە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە بەرێوەبەرییەکانی بەرگری شارستانیدا ، لە وەزارەتی ناوخۆ دەمێنێتەوە .

**ماددەی چوارەم :**

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان

هەمان ئەو دەسەلاٌتەی کە بە پێی یاسای سزا سەربازییەکانی ژمارە (١٣)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٤٠ و یاسای ئوسوڵی دادگایی سەربازیی ژمارە (٤٤)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٤١ بە وەزیری ناوخۆ

www.moikurdistan.com

دراوه ، به وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار دەدرێ بۆ سزادان و بە دادگا دانی  ئەوانەی لە بەڕێوەبەرایيەكانی بەرگریی شارستانیدا سەر بە هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆن .

**ماددەی پێنجەم :**

هەر دەقێك پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بێ كاری پێ ناكرێ .

**ماددەی شەشەم :**

پێویستە وەزارەتە پەیوندارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە بخەنە كار .

**ماددەی حەوتەم :**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی وقایعی كوردستاندا ، دەخرێتە كار .

**د . ڕۆژ نــوری شـاوەیـس**
**سـەرۆكی ئە نجـومەنی نیشتمانیی كوردسـتانی عێـراق**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com